خەیاڵ حەمە کاپتنی تۆپی باڵەی یانەی دەربەندیخان:

# هیوادارم کوردستان ببێتە دەوڵەت و بتوانین کێبڕکێی وڵاتان بکەین

دیمانە: کارزان کانەبی

* چۆن بوو رووت لە بواری وەرزش کرد؟
-من هەر لە منداڵییەوە لە ناو وەرزش پەروەردە بوومە و سەرجەم یارییە وەرزشییەکانم ئەنجامداوە بۆیە ئەم خولیایە زۆر لەمن هەبووە بۆیە خۆم لەم جیهانە بەرفراوانە دۆزییەوە.

* بۆچی لەناو ئەم هەموو یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرە یاری باڵەت هەڵبژارد؟
-لەگەڵ ئەوەی هەموو جۆرە وەرزشێکم کردووە، بەڵام لە هەموویان زیاتر خولیای من وەکو کچە وەرزشکارێك بۆ یاری باڵە بووە، زیاتریش ئەو بەهرەی کە هەمە وەکو یاریزان زیاتر لە یاری باڵە دەرکەوتووە و سەرکەوتووترم لەم یارییە بۆیە باڵە بە لای من تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەبووە.

* ئاستی یاری باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان ؟
-تا ڕادەیەك ئاستی باشە، بەڵام لە چاو یارییەکانی تر وەك پێویست نییە بە گشتی.

* هەست ناکەی ئەم یارییە پشتگوێ خراوە؟
-لە کوردستان هەموو جۆرە وەرزشێك پشتگوێ خراوە و مافی خۆی پێ نەدراوە ئەوەش بۆ وەرزشکاران تەندروست نییە، چونکە وا لە وەرزشکاران دەکات کە لە وەرزشکردن دووورکەونەوە.

* کردنەوەی کەمی پاڵەوانێتی ئێوە سارد ناکاتەوە لەم یارییە؟
-ئێمە ئامانجمان زۆر لەمە گەورەترە، کەمی کردنەوەی پاڵەوانیەتیەکان دەرفەتێکی باشتر دەدات بە یاریزانەکان بۆ ئەوەی بە ڕاهێنانێکی زیاتر و خۆئامادەکردنێکی زیاتر بێنە ناو یاریگاو هەوڵ بۆ ئامانجەکەمان بدەین، ئەگەر هیچ خوڵ و پاڵەوانیەتی نەکردێتەوە بۆ یاریزانان باش نابێت.

* چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟
-هاوکاری یاریزانان بکرێت لە رووی مادی و مەعنەوییەوە جگە لەمەش کردنەوەی پاڵەوانێتی زیاتر و یاریگای تایبەت بەم یارییە و هاندانی کچان بۆ هاتنیان بۆ ناو یاری باڵە و کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ خزمەت کردنی ئەم یار ییە.

* گرفتی وەرزشیی یاری باڵە لە چی دەبینی ؟
-گرفتی یاری باڵە ئەوەیە کە وەکو وەرزشیەکانی تر نەناسێنراوە و مافی تەواوی خۆی پێ نەدراوە لە کاتێکدا تەندروستترین یارییە و زۆرترین چێژی هەیە.

* هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟
-بەڵێ چەندین یانە گرێبەستی پێشکەش کردووم، بەڵام لە ئێستادا تاکە یانە کە من بەمەوێ یاری لێ بکەم یانەکەی خۆمە ئەویش یانەی دەربەندیخانە چونکە ئێمە ئامانجێکمان هەیە و پێکەوە جوانترین و سەرکەوتووترین بین.

* گرفتی یاری باڵە لە چی دەبینی لە شاری دەربەندیخان ؟
-لە دەربەندیخان تاکە گرفت ئەوەیە کە ئێمە تەنیا تیپین لە شارەکەمان و هیچ تیپێکی تر نییە ئێمە کێبڕکێی لەگەڵ بکەین بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونی ئاستمان ئەوەش گرفتە کە تۆ هەر بە تەنیا بیت.



هەر چەندە لە ئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوە پاڵەوانێتی کەم دەکرێتەوە بۆ کچە وەرزشکاران، بەڵام لە قەزای دەربەندیخان کچە وەرزشکارانی ئەم شارە بە تامەزرۆییەوە دەڕواننە دوا رۆژی خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە لوتکەی وەرزشیی کوردستان، یەکێك لەم کچە وەرزشکارانەی کە خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاری تۆپی باڵەی یانەی دەربەندیخان ئەویش کچە یاریزان خەیاڵ حەمەی کاپتنی یانەی دەربەندیخانە، ناوبراو لە دایك بووی ساڵی ١٩٩٦ی قەزای دەربەندیخانە و قوتابی دوا قۆناخی ئامادەیە لە قەزاکە، هەرچەندە خەیاڵ گرێبەستی زۆری پێشکەش کراوە بەهۆی ئاست بەرزی بەڵام ئامادەنەبووە ریزی یانەکەی بۆ هیچ شتێك جێ بهێڵێ ناوبراو خونی زۆرە لەگەڵ یانەکەی و چاوی لەوەیە رۆژێك لە رۆژان هەڵبژاردەی تۆپی باڵەی کوردستان دابمەزرێ و خۆشی یەکێك بێت لە یاریزانەکانی ئەم هەڵبژاردەیە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.




* بەهیوای چی لە ژیانی وەرزشیت؟

-بەرنامەم ئەوەیە زیاتر گرنگی بە یارییەکەم بدەم و سەرجەم ئەو ڕێگایانە ببڕم کە دەبێتە هۆکار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەم.

*بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟

-بەهیوام لە ژیانی وەرزشیی خۆم خزمەتێك لە یانەکەم و شارەکەم بکەم، ئەگەر کوردستانیش بوو بە دەوڵەت لە داهاتوودا کێبرکێ وڵاتانی دەرەوە بکەین و کوردستانیش بە هەموو جیهان بناسێنین.

* قەیرانی دارایی تاچەند کاری کردۆتە سەر ئەم یارییە و یانەکەتان؟

-قەیرانی دارایی وەك هەر کایەکی تری ژیان، کاری کردۆتە سەر وەرزش بە گشتی و یاری باڵە بە تایبەتی، سەڵام سوپاس بۆ ڕاهێنەرەکەمان (بەرێزعەلی ) کە نەیهێشتووە ئەو قەیرانە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر مان و بەپێی توانا و سەرجەم پێداویستیەکانی بۆ دابین کردووین.

* لە رووی کۆمەڵگاوە تاچەندە شارەکەی ئێوە هاوکارە بۆ وەرزش کردن؟

-لە ڕاستیدا شارەکەم (پایتەختی وەرزشییە) تاڕادەیەکی زۆر باش هاوکارن و پشتگیری زۆرمان دەکەن، زۆربەی دانیشتوانی شارەکەمان وەرزشوانن و وەرزش بووە بە خۆڕاکی روحی ئێمە.

* ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات، هیوادارم خێزانەکانی شارەکەمان زیاتر هانی کچەکانیان بدەن بۆ ئەوەی بێنە نێو دونیای وەرزش، چونکە ئێمەش هیچمان کەمتر نییە لە پیاوان شان بە شانی پیاوان بەرەوو ئامانجەکانی خۆمان هەنگاو دەنێین، سوپاسی دایك و باوك و خێزانەکەم دەکەم کە پاڵپشتی منن، سوپاسی ڕاهێنەر و تیپەکەم و یانەکەم ئەکە کە هیچ کات بێ ئومێد نەبوون و هەمیشە هەنگاوەکانمان بەرەووسەرکەوتنە، دەستی ماندووبنی سەرجەم ئەو لایەنانە دەگوشم کە هاوکاری تیپەکەمانیان کردووە لە رووی مادی و مەعنەویەوە.

# پێکهاتەی سەرەکیی بەرشلۆنە بە گرانبەهاترین پێکهاتەی لالیگا دەستنیشان کرا

بەگوێرەی راپۆرتی رۆژنامەیەکی ئیسپانی، یانەی بەرشلۆنە خاوەن گرانبەهاترین پیکهاتەی سەرەکییە لە نێو یانەکانی لیگادا، یانەی ریاڵ مەدریدیش بە جیاوازییەکی کەم لە دووەمی ریزبەندییەکە هاتووە.

لەم بارەیەوە رۆژنامەی(سپۆرت)ی کەتەلۆنی بڵاویکردووەتەوە، کە پێکهاتەی سەرەکیی یانەی بارسا بە بڕی ٥٨٥ ملیۆن یۆرۆ خاوەن گرانبەهاترین پێکهاتەی سەرەکییە لە هەموو لیگادا، رۆژنامەکە ئاماژەی کردووە کە msn ی بارسا مێسی و سوارێز و نێیمار نرخی هەرسێکیان بە یەکەوە ٣١٠ ملیۆن یۆرۆ دەبێت، ئەویش مێسی ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ ، نێیمار ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ، سوارێز بە ٩٠ ملیۆن یۆرۆ مەزندە دەکرێت، لە کاتێکدا هەرزانترین یاریزان لە پێکهاتەکە تیر شتیگنی گۆڵپارێزی یانەکەیە نرخی ١٥ ملیۆن یۆرۆ دەبێت.



## شەڕی سارد لە نێوان گواردیۆلا و مۆرینیۆ دەست پێ دەکاتەوەدەست پێ دەکاتەوە

لەگەڵ تۆمارکردنی ٣ سەرکەوتنی یەک بە دوای یەک بۆ هەر یەک لە مانچێستەر سیتی و مانچێستەر یۆنایتد، لە پرێمەر لیگدا، شەڕی سارد نێوان هەردوو راهێنەر گواردیۆلا و مۆرینیۆ دەستی پێ کردەوە.

لەمبارەیەوە، پیپ گواردیۆلا لەوەڵامی پرسیارێکی کەناڵی ESPN سەبارەت بە ئاستی مانچێستەر یۆنایتد زۆر بە بێ بایەخەوە گوتی: هیچ یارییەکی مان یۆنایتدم لەم وەرزە نەبینیوە، بەڵام دەبێت بۆ بردنەوە ئاستێکی سەرسوڕهێنەر لە نێو یاریگای ئۆڵد ترافۆرد پێشکەش بکەین، بۆ ئەوەی سەرکەوتن تۆمار بکەین.

ئاشکرایە، کە یاری دێربی شاری مانچێستەر نێوان سیتی و یۆنایتد لە میانەی گەڕی چوارەمدا لە ١٠ مانگی داهاتوو، لە نێو یاریگای ئۆڵد ترافۆردی تایبەت بە یانەی مانچیستەر یۆنایتد بەڕێوە دەچێت، لەم یارییەشدا رکابەری توندی نێوان گواردیۆلا و جۆزێ مۆرینیۆ لە لالیگا وە بۆ پرێمەر لیگ دەگوازرێتەوە، پێشبینیش دەکرێت یارییەکی بەهێز و لووتکەی یارییەکانی ئەو گەڕەی پرێمەرلیگ بێت.

لە پلەی دووەمی ریزبەندییەکە یانەی ریاڵ مەدرید هاتووە، کە بەهای یاریزانەکانی دەگاتە ٥٨٠ ملیۆن یۆرۆ دەبێت، کە تێیدا تەنیا bbc نرخی ٢٦٠ ملیۆن یۆرۆیە، ئەویش بەم شیوەیە، رۆناڵدۆ ١١٠ ملیۆن یۆرۆ ، گاریس بەیل ٩٠ ملیۆن یۆرۆ، کەریم بن زیمە ٦٠ ملیۆن یۆرۆ دەبێت، لە کاتێکدا کیلۆر ناڤاس گۆلپارێزی یانەکە خاوەن کەمترین نرخە لە نێو یاریزانانی مێرەنگی و نرخەکەی بە ٢٠ ملیۆن یۆرۆ مەزندە دەکرێت.

پلەی سێەمی ریزبەندی گرانبەهاترین پێکهاتەی لالیگا، یانەی ئاتلەتیکۆ مەدرید هاتووە، کە ٣٩١ ملیۆن یۆرۆ دەبێت، دواتریش یانەی ڤالەنسیا بە ١٤٥ ملیۆن یۆرۆ پلەی چوارەمی ریزبەندییەکەی گرتووە، یانەی سڤیلیاش بە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ پلەی پێنجەمی ریزبەندییەکەی گرتووە، لە کاتێکدا یانەی ئۆساسۆنا بە ١٤ ملیۆن یۆرۆ خاوەن کەمترین بەهایە لە نێو یانەکانی لیگادا، کە ٢٠ یانەی لەخۆ گرتووە.




# ئەگێرۆی بچووک بۆ ریزەکانی کادێز گواسترایەوە




گاستۆن کاستیلۆ، برا بچوکەکەی سێرخیۆ ئەگوێرۆی ئەرژەنتین، کە لە ریزەکانی یانەی ئیندێپێندێتی وڵاتەکەی یاری دەکرد، پێوەندی بە ریزەکانی یانەی کادێزی ئیسپانیاوە کرد.

پێگەی فەرمی یانەی کادێز بڵاویکردەوە، بەرپرسانی یانەکان لەگەڵ هاوتا ئەرژەنتین گەیشتنە رێککەوتن، لەسەر گواستنەوەی کاستیلۆی هێرشبەری ئەرژەنتین، بۆیە ئەم یاریزانە وەرزی داهاتوو بە شێوەی خواستن روو دەکاتە ئیسپانیا.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی ئەمساڵ, یانەی کادێز مافی ئەوەی هەیە هێرشبەری ئەرژەنتین بە شێوەی هەمیشەیی لە ریزەکانی بهێڵنەوە.

# قەیرانی دارایی بۆتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسـ

یانەی دهۆك لە بارودۆخێکی خراپدایە بەهۆی ئەم قەیرانە داراییەی کە رووی لە هەرێمی کوردستان کردووەو تاکو ئێستا فریادەڕسێکی نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ ئەم گرفتەی بکات، بۆیە لە هەوڵی ئەوەیە بتوانێ هەرچی نەبێت تەنیا بەشداری خولی نایابی کوردستان بکات. لە کاتێکدا یاریزانانی ئەم یانەیە داوای پارەی خۆیان و مۆڵەتی گواستنەوەکانیان لە یانەکە کردووە، ئێستاش دهۆك لە دووڕیانی بەشداریکردن و نەکردندایە لە خولی نایابی کوردستان، ئەمەش وەرزشکارانی شارەکەی دڵتەنگ کردووە، لەم بارەشەوە محەمەد عەلی بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە خولی عێراقمان لە کیس چوو بەهۆی ئەوەی کە نەمانتوانی پارە پەیدا بکەین بۆ ئەوەی بەشداری خولەکە بکەین، بۆیە بە فەرمی بە فیدارسیۆنی تۆپی پێی عێراقمان گوت توانای بەشداریکردنمان نییە، ئێستاش قەیرانی داراییەکەمان بەردەوامە، بۆیە ئەگەری زۆرە کە نەتوانین بەشداری خولی کوردستانیش بکەین، واتە ئەگەری هەیە داوای لێبوردن لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش بکەین، بەڵام هەتا ئێستا بڕیاری یەکلاکەرەوە نەدراوە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئێمە بەشداری دەکەین، یان نا، چونکە وەرزش بە بێ پارە بەڕێوەناچێت، بەڵام کارگێڕانی یانەکە هێشتا ئومێدی ئەوەیان هەیە بتوانین تەنیا لە خولی کوردستان بەشداری بکەین ئەویش بە پشتبەستن بە گەنجانی شارەکەمان، بۆیە لەم نزیکانە چارەنووسمان دیاری دەکرێت لە ئەگەری بەشداریکردن لە خولی کوردستان، یاخود بەشداری نەکردنمان.» لە بارەی مۆڵەتی گواستنەوەی یاریزانانیش عەلی گوتی: «ئەوانەی کە بەشداربوون لە خولی عێراق داوای





## سەردار ساڵح پشوو دەدات

هەرچەندە وەرزی رابردوو سەردار ساڵح لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەردەوام بوو لە سەرپەرشتیکردنی تیپی تۆپی پێی یانەکە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان و توانی تیپەکەش بگەیەنێتە چوارگۆشەی زێڕین، بەڵام لە دوایین یارییەکانی خولەکە بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی دا، تاکو ئێستاش سەردار نەگەڕاوەتەوە بۆ کاری راهێنەری و لە بارەی گەڕانەوەشی بۆ کاری راهێنەرایەتی سەردار ساڵح بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا هیچ بڕیارێکم نەداوە لەسەر چارەنووسی خۆم، چونکە ئێستا فەرمانبەرم لە یەکێك لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە سەرقاڵی کاری خانەنشینکردنی خۆمم، لە دوای تەواوبوونی کارەکانم لە حکومەت بڕیاری ئەوەم داوە دەست بە کاروانی وەرزشیی خۆم بکەمەوە وەکو راهێنەر، ئەوکات راهێنەرایەتی یانەیەکی دەرەوەی شاری سلێمانی بکەم.» لە بارەی هاتنی گرێبەستیش بۆ خۆی گوتی: «تاکو ئێستا هیچ یانەیەك پێی نەوتووم و خۆیشم قسەم لەگەڵ هیچ یانەیەك نەکردووە، چونکە تاکو خۆم یەکلایی نەکەمەوە ناتوانم مەشقی هیچ یانەیەکی کوردستان وەربگرم، کە کارەکانی خانەنشینیم تەواو کرد، ئەوکات لەگەڵ یانەیەك رێکدەکەوم بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم، ئەوکات گرنگ نییە ئەگەر لە ناو شاری سلێمانی بێت، یاخود لە دەرەوەی سلێمانی، گرنگ ئەوەیە بتوانین خزمەتی تۆپی پێی و وەرزشی کوردستان بکەین.

## ـــــــەر یانەی دهۆک

مافی گواستنەوەیان لە ئێمە دەکەن، چونکە گرێبەستی باشیان بۆ هاتووە لە یانەکانی زاخۆ و هەولێر و جەوییە و مینا و یانەکانی تری بەغدا لە کاتێکدا ئێمە ناتوانین پارەی ئەوانیش دابین بکەین، چونکە یاریزان هەیە بڕی ٢٠٠ملیۆن دیناری قەرزارین، ئێستاش کاری بارزگانی یانەکەمان وەستاوە بەهۆکاری تەکنیکی، بۆیە ئێمە دڵمان بەوە خۆش بوو گوتمان کارێك بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەم کارە بازرگانیە پارەی ئەوان دابین بکەین، ئەویش هیشتا نەکەوتۆتە سەر پێ و یاریزانانیش مافی خۆیانە هەرچەندە ئێمە پارەیەکی زۆر قەرزارین.» سەبارەت بە دیاریکردنی راهێنەریش گوتی: «تاکو ئێستا بە فەرمی هیچ کەسێکمان دیاری نەکردووە، هەتاکو چارەنووسی بەشداریکردنمان دیاری نەکەین، هیچ کەسێك بۆ راهێنەر دیاری ناکەین.»



## خولە گەورەکە دەست پێدەکات

یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بەفەرمی وادەی دەستپێکردنی خولی نایابی کوردستانی بە بەشداری ١٤ یانەی شارەکانی کوردستان راگەیاند، لە هەولێری پایتەختی کوردستانیش فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان کۆنفرانسی ساڵانەی یەکێتیەکەی ئەنجامدا کە نوێنەری هەر ١٤ یانەی شارەکانی کوردستان تێدا بەشداربوون و لەهەمان کاتیشدا تیروپشکی وەرزشی نوێ خولی نایابی کوردستان بۆ یارییەکانی تۆپی پێی ئەنجام درا، کە هەر ١٤ یانەکە دابەشی سەر دوو کۆمەلە کراون و لە هەر کۆمەلەیەك حەوت یانە کێبڕکێ دەکەن لەسەر گەیشتن بە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە، بە پێی شێوازی بەڕێوەچوونی خولەکە هەر حەوت یانە یارییەکانی بە شێوەی چوون و هاتن ئەنجام دەدەن بە شێوەی خول و لە هەر کۆمەڵەیەکیشدا تەنیا دوو یانە سەردەکەون بۆ یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایاب، ئەو یانەیەی زۆرترین خاڵ کۆبکاتەوە لە چوار گۆشەی زێرین بە فەرمی دەبێتە پاڵەوانی خولەکە.

کۆمەڵەی یەکەم: پێشمەرگەی هەولێر، زێرەڤانی، دهۆك، هەولێر، نەورۆز، برایەتی، گازی باکوور.

کۆمەڵەی دووەم: هەندرێن، شێروانە، زاخۆ، کەرکووك، سیروانی نوێ، ئارارات، گارە.

یەکەم هەفتەی یارییەکانیش بەمشێوەی خوارەوە بوو:

کۆمەڵەی یەکەم
زێرەڤانی –برایەتی
پێشمەرگەی هەولێر-نەورۆز
دهۆك-هەولێر
گازی باکوور چاوەڕوانە
کۆمەڵەی دووەم
کەرووك- گارە
شێروانە-ئارارات
سیروانی نوێ-هەندرێن
زاخۆ چاوەڕوانە

لەگەڵ ئەوەی پێشووتر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری دابوو یارییەکانی لە رێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٢٠بەرێوەبچێت، بەڵام لەسەر داوای یانە بەشداربووەکان یارییەکانی دواخرا بۆ رێکەوتی ٢٠١٦/١١/٣.